Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Linköping

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی لینشوپێنگی

# چاوپێکەوتنی و دیداری کۆمیتەی لینشوپێنگی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە گەڵ کۆمیتەی لینشوپێنگی حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئێوارە ڕۆژی ٢٣ مانگی مەی لە سەر بانگهێشتی کۆمیتەی حێزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لقی لێنشوپینگ، کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە گەڵ کۆمیتەی کۆمەڵە لە شاری لینشوپێنگ بەریوە چوو کە دوای بەخێر هینان و وەرگرتنێکی گەرم و گور لە لەیەن میواندارانەوە لە کوبونەوەکەدا کە زیاتر لە ٢ ساعەتی خایاند لە سەر زوور بابەتی گرینگی خەبات و تیکوشانی مەیدانەکانی چالاکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیرو را گوردرایەوە، بەڕیز کاکە برای ئەلیاسی ئەندامی کۆمیتەی سوئیدی حیزب باسیکی تیر و تەسەلی لە سەر هەل و مەرجی سیاسی ناوچەکە پێشکێش کرد و هەر وەتر هاوڕی محەممەد کوردی (حەمە ریش) بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵە لە ستۆکهۆڵم و دەوروبەری باسیکی لە سەر هەل و مەرجی ئێستەی هیزە سیاسیکانی کوردستان و بەتایبەت گرێنگی لیک نیزک بوون لە نێوان هیزە سیاسیە ڕەسەنەکان پیشکیش کرد. لە کۆتاییدا لە لایەن هەر دوو لایەنەوە لە سەر لێک نیزیک بوون وهاریکاری زیاتر جەخت کرایەوە، شایانی باسە کە وەڤدی میوان پیکهاتبوون لە بەریزان؛ ١- کاکە برای ئەلیاسی ئەندامی کۆمیتەی سوئیدی حیزبی دێموکرات کوردستان ٢- کاک عەلی بالەکی بەرپرسی کومیتەی سوئید لە لینشوپینگ و ٣- کاک حاتم ئەلیاسی ٤- کاک جەعفەری مەعروفی ٥- کاک ئەحمەد دولکەیی لە لایەن کۆمەڵەوە هاوڕێیان؛ ١- مەحەمەد کوردی (حەمە ریش) بەرپرسی کویتەی ستۆکهۆڵم ٢- حوسینی پیروتی (مام حوسین) ئەندامی کومیتەی لینشوپینگ و کاک باقی کەرەمی ئەندامی کومیتەی کۆمەڵە لە لینشوپینگ بەشدار کۆبونەوەکە بوون.

**کومەلەی شورشگیری زەحمەتکیشانی کوردوستانی ئیران**

**کومیتەی لینشوپێنگی**

**٢٤-٠٥-٢٠٠٨**

Web: www.komala.org